# نوزیبێلە و سێ تاڵە موو

Tessa Welch
Wiehan de Jager
Agri Afshin
3
کوردی ckb

لە سەردەمانی زوو، سێ کچ چووبوونە دەرەوە بۆ دارکۆکردنەوە.

ڕۆژێکی زۆر گەرم بوو، بۆیە چوونە دەم ڕووبارەکە بۆ مەلەکردن. ئەوان یارییان کرد و شەڕەئاو و مەلەیان کرد.

لەنگو بە پێیان زانی کە کات درەنگ بووە، بۆیە خێرا گەڕانەوە بۆ گوندەکەیان.

کاتێک لە ماڵ نزیک بوونەوە، نوزیبێلە دەستی بۆ ملی برد. ئەو ملوانەکەی لەبیر چووبوو، بۆیە لە دەستەخوشکەکانی پاڕایەوە: "تکایە لە گەڵم بگەڕێنەوە بۆ ئەوەی ملوانکەکە بهێنمەوە." بەڵام هاوڕێکانی گوتیان تازە زۆر درەنگە.

بۆیە نوزیبێلە بە تەنێ بۆ دەم ڕووبارەکە گەڕایەوە. ملوانکەکەی دۆزییەوە و بە پەلە بەرەو ماڵ کەوتە ڕێ، بەڵام لە بەر تاریکی ڕێگای لێ ون بوو.

لە دوورەوە ڕووناکییەکی لە کۆخێکەوە بینی. ئەو بەرەو کۆخەکە ڕایکردو لە دەرگای دا.

سەری سوڕهەڵکتێك بینی سەگێك دەرگاکەی کردەوە، سەگەکە گوتی: “چیت دەوێ؟” نوزیبێلە وەڵامی دایەوە: “من بزر بوومە و پێویستم بە شوێنی خەوە.” سەگەکە گوتی: “وەرە ژوورەوە دەنا دەتگەزم!” بۆیە نوزیبێلە چووە ژوورەوە.

دواتر سەگەکە گوتی: “خواردنم بۆ دروست بکە!” نوزیبیێلە گوتی: “من پێشتر هەرگیز خواردنم بۆ سەگ دروست نەکردووە.” سەگەکە گوتی: “خواردنم بۆ دروست بکە دەڵ دەتگەزم!” بۆیە نوزیبیێلە هەندێ خواردنی بۆ سەگەکەڵەدە کرد.

دواتر سەگەکە گوتی: “جێگەم بۆ ڕاخە!” نوزیبێلە گوتی: “من هەرگیز جێگەی خەوم بۆ سەگ ڕانەخستووە.” سەگەکە گوتی: “جێگەی خەوەکەم بۆ ڕاخە دەنا دەتگەزم!” بۆیە نوزیبێلە جێگەکەی بۆ ڕاخست.

نوزیبیێلە هەموو ڕۆژێ ناچار بوو کە خواردن بۆ سەگەکە دروست بکا و ماڵەکەی گەسک بدات و خاوێن بکاتەوە. ڕۆژێکیان سەگەکە گوتی: "نوزیبیێلە، من ئەمڕۆ دەبێ بچم سەردانی چەند هاوڕێیەکم بکەم. ماڵەکە گەسك بدە، خاوێنی بکەوە وخواردن دروست بکە پێش ئەوەی بگەڕێمەوە."

هەر دوای ئەوەی کە سەگەکە ڕۆیشت، نوزیبێلە سێ تاڵە مووی لە سەری خۆی کردەوە. ئەو تاڵێکی لەژێر تەختە خەوەکە دانا و تاڵێکی دیکەش لە پشت دەرگاکە و تاڵەکەی دیکەشی لە حەوشەکە دانا. دواتر زۆر بە خێرایی گەڕایەوە ماڵەوە.

کاتێ سەگەکە گەڕایەوە، بە دوای نوزیبێلە دا گەڕا. دەنگی کرد: “نوزیبێلە، تۆ لە کوێی؟” لاڵە مووی یەکەم گوتی: “ئەوەهام لەژێر تەختەخەوەکە.” لاڵە مووی دووەم گوتی: “ئەوەهام لە پشت دەرگاکە.” و لاڵە مووی سێهەم گوتی: “ئەوەهام لە حەوشەکە.”

ئەوکات سەگەکە تێگەیشت کە نوزیبلە فێڵی لێ کردووە. تەواوی ئەو ڕێگەیەی بۆ گوندەکە دەچوو بە غاردان بڕی. بەڵام براکانی نوزیبێلە بە گۆپاڵی گەورە چوەڕێیێن دەکرد. سەگەکە گەڕایەوە و هەڵات و ئیتر دووبارە کەس نەیدیتۆتەوە.

# Global Storybooks

globalstorybooks.net

## نوزیبێلە و سێ تاڵە موو

Tessa Welch
Wiehan de Jager
Agri Afshin

CC BY